# پـــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە** [(SUL. G. (3136)] **ساڵی** 2018

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

**بۆ پرۆژەی:** دابینکردنی جلی دیسپۆزەبلی نەخۆش وسێتی نەشتەرگەری ( بوخچەی نەخۆش وبوخچەی نەشتەرگەری ) بۆ نەخۆشخانەکانی ( فێرکاری و فریاکەوتن و نەخۆشخانەی پسپۆرییەکانی دڵ و هەناوی فێرکاری ( شەهید د.هێمن ) وهیوا و شەهید د.ئاسۆ و منداڵبوون و مناڵان وشار و شەهید شاسوار گەرمیانی بۆ چاندنی مۆخی ئێسك وە نەخۆشخانەی گشتی شەهید تۆفیق( دەربەندیخان ) و پێنجوێن و شەهید غەریب هەڵەدنی ( دووکان ) و شەهید پێشرەو و شەهید هۆشەنگ باسەرە لە چەمچەماڵ و پیرەمەگرون و نەخۆشخانەی شەهید ڕەووف بەگ لە هەڵە بجەی تازە و شەهید شەوکەتی حاجی موشیر لە سید صادق و سەنتەری قورگ و گوێ و لووت و کۆئەندامی هەرس و جگەر )

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر ( ٣٠٠,٠٠٠ ) سێ سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەرێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢٠١٨/١٢/٢ ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( ٢٠١٨/١٢/١٦ ) لەکاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ )ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ( ٢٠١٨/١٢/١٩ ) کاتژمێر ( ١٠:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی ( ٢٠١٨/١٢/١٩ )دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر.

٤- ئەگەر ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێت.

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٦- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٧- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٨- پێوستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ ( email ) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

٩- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پارێزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە و پاڵپشت بەمادەی ( ٣٧ ) برگەی ( ٢ ) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( ٢ ) ی ساڵی ( ٢٠١٦ ).

١٠- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بکات.

**تێبینی :- بودجەی پرۆژەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی نەخۆش.**

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی بەشداری دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنیان هەبێت لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و تایبە تمەند بن لەبواری نوتێلەوانی یان تایبە تمەند بن لەبواری پێداویستی پزیشکی یاخود کاری هاوشێوەیان هەیە .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

## ((مەرجەکانی ئەسپاردەکردن))

١- پێویستە بەڵێندەر نووسراوی پێشکەشکردنی تەندەر (کتاب عطاء ) هاو پێچ بکات لەگەڵ تەندەرەکەدا .

٢-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : ( ٣٦٥ ) سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژ ( ڕۆژی ڕۆژمێری ) .

٣- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( ٢ ) ی ساڵی ( ٢٠١٦ ) بێت.

٤- پێویستە کۆمپانیاکان ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی٢٠١٨.

٥- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانی کرابن بۆ ساڵی ٢٠١٨.

٦- پێویستە کۆمپانیا پێکهاتەی کارگێری دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات .

٧- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی ( ٣٥,٠٠٠,٠٠٠ ) سی وپێنج ملیۆن دینارەو بە ( چەکی پەسندکراو ) یان ( خطاب ضمان ) بۆ ماوەی ( 118 ) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت.

٨- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

٩- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٠- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١١- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

**ئەحمەد عەلی ئەحمەد**
**جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ**
**کاروباری هونەری**
٢٠١٨/١١/٢٨

وێنەیەك بۆ

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب.گرێ بەستەکان/ بەشی IT /بۆ کاری پێویست .
- سایتی پارێزگا /بۆ کاری پێویست و بڵاوکردنەوەی.
- ب . ژمێریاری/بودجەی پرۆژەکە لە سەر ئەرکی نەخۆش ڕەزامەندنی وەزارەتی دارایی هەیە ژمارە ( ٤٢٥٦ ) لە ( ٢٠١٨/٥/٣ )
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- فەرمانبەری تایبە تمەند بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ( ٠٥٣٣١٩٣٩٧٣ ) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email:slemani.gov.tendering@gmail.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| لە. ئامادەکردنی تەندەر | لە. چێکی تەندەر | رەزامەندی ل.کاروباری تەندەر بۆ بانگەواز | رەزامەندی ب.گرێبەستەکان بۆ بانگەواز |